ئامۆژگاری و زانیاری بۆ قوربانی VIA

VIA

چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین

تکایە پەیوەندی بە VIA وە بکە ئەگەر دەتەوێت ئەم بەڵگەنامەیە بە زمانێکی تر ، چاپی تیپی گەورە، بەدەنگ، برایل یان فۆرمایەکی تر وەربگریت. ئێمە پێشوازی لە پەیوەندییەکان دەکەین لەرێگەی

RNID typetalk prefix 18001.

### ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین

## زانیاری و ئامۆژگاری

**ئەگەر قوربانی تاوانێک بوویتە، لەوانەیە کارت بکەوێتە سیستمی دادپەروەری تاوان.**

**ئەمە دەتوانێ خەفەتهێنەر و سەرلێشێوێنەر بێت بەتایبەتی کە دەبێت بەسەر کاردانەوە خراپەکانی جەستەیی و عاتیفی تاوانەکەشدا زاڵ بیت.**

**ئامۆژگاری و زانیاری بۆ قوربانی** (VIA) **بەشێکە لە نووسینگەی شاهانە و خزمەتگوزاری دادوەری گشتی. دادوەری گشتی بەرپرسە لە توێژینەوەکان و سزادانی تاوانباران لە سکۆتلەندا.**

**کارمەندانی** VIA **دادوەر نین. کاری ئێمە بریتیە لە بەفریاکەوتنی قوربانی، شاهیدی حاڵ و هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا مردنی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوی پەیوەندار بە تاوانیش یارمەتی خزم و کەسی قوربانیەکە دەدەین.**

*"لە هەموو کاتێکدا خزمەتگوزاری و کارمەندەکانی ئێوەم زۆر یارمەتیدەر هاتە بەرچاو، بەتایبەتی کە پێشتر هیچ ئەزموونێکم سەبارەت بە سیستمی دادوەری نەبوو."*

## VIA دەتوانێ چی بکات

VIA **دەتوانێ بەم شێوانە یارمەتیت بدات:**

- **دەستەبەر کردنی زانیاری سەبارەت بە شێوەی کارکردنی سیستمی دادپەروەری تاوان و ئەو شتانەی کە دەتوانی چاوەڕوانیان بکەیت**
- **ئاگادار کردنت کە تازەترین زانیاری سەبارەت بە کەیسەکەت**

- یارمەتیدانت بۆ ئەوی پەیوەندی بەو ڕێکخراوانەوە بکەیت کە دەتوانن یارمەتی عەمەلی و عاتیفیت پیشکەش بکەن
- باس کردنی ئەو پشتگیریەی کە لەوانەیە هەبێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات وتەکانی خۆت رابگەیەنیت یان بچیتە دادگا ئەگەر کەیسەکە ببرێتە دادگا. هەروەها لەوانەیە پێش ئەوەی دادگا دەست پێ بکات ناو باڵەخانەی دادگات پیشان بدرێت.

هەر کاتێک چیتر پێویستیت بە یارمەتی VIA نەبوو، ئاگادارمان بکە. ئەگەر جارێکی تر پێویستیت بە یارمەتی ئێمە هەبوو، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەوە.

## ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین

VIA **یارمەتی قوربانیان و شاهیدانی** تاوانەکانی راگەیانراو بە دادوەری گشتی دەدات لەبارەی:

- دەستدرێژی لە ناوماڵ
- تاوانی رەگەزپەرستانە یان ئایینی
- دەستدرێژی سەر نامووس
- قوربانیان و شاهیدانی حاڵی منداڵ
- تاوانە مەترسیدارەکانی تر

**ئێمە هەروەها لەم بوارانەش یارمەتیدەرین:**

- نزیکترین خزم لە حاڵەتی مردندا کە لەوانەیە ببێتە هۆی بەگەڕخستنی پرۆسەی تاوانباری، یان لە حاڵەتی ڕووداوێکی مەرگباردا یارمەتی سەبارەت بە توێژینەوەی تێروتەسەل لەبارەی ڕووداوەکە دەدەین.

- قوربانیان یان شاهیدانی ژێرمەترسی. کەسێک بە ژێرمەترسی دادەنرێت کە پێویستی بە پشتگیریی زیاتر بێت؛ بۆ نموونە ئەگەر ئینگلیزی زمانی زگماکی نەبێت ، یان بۆ دەربڕینی قسەکانی یاخود بۆ ئامادەبوون لە دادگا پێویستی بە یارمەتی بێت.

*"ئەو خزمەتگوزاریەی دەستەبەری دەکەن زۆر گرینگە. نازانم بەبێ یارمەتی ئێوە چۆن دەمتوانی بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بم."*

## تکایە ئاگادار بە

- VIA ناتوانێ بڕیار بدات کە چ کەسێک دەبێ سەبارەت بە تاوانێک سزا بدرێت و ناتوانێ کاردانەوەی لەسەر ئەم بڕیارە هەبێت. دادوەری گشتی بڕیاری خۆی دەدات لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستی دایە و تەنیا بە مەرجێک کەسێک حوکم دەدات کە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت.
(بەرژەوەندی گشتی بەو واتایەیە کە دادوەری گشتی لە هەموو لایەکەوە سەیری تاوانەکە دەکات – لە روانگەی کۆمەڵگە و هەروەها لە روانگەی قوربانی و کەسی تاوانبارکراو).
- ناکرێت کەسێک کە قوربانی تاوانێک بوە "لە تاوانەکە خۆش بێت". دادوەری گشتییە کە بڕیار دەدات.
- VIA ناتوانێت راوێژکاری یان پشتگیری دارایی پێشکەش بکات ، بەڵام دەتوانین ئەو فەرمانگانەت پێ بناسێنین کە لەوانەیە بتوانن یارمەتیت بدەن.

## زانیاریی زیاتر

تکایە لە VIA بپرسە ئەگەر پێویستیت بە زانیاریی زیاتر هەیە یان ئەگەر هەر شتێکی تر هەبێت کە بە تەواوی لێت روون نیە.

هەروەها دەتوانی پەیوەندی بە **پشتگیری لە قوربانیان لە سکۆتلەندا** (VSS) بکەیت کە بریتیە لە رێکخراوێکی خۆبەخش کە پشتگیری عەمەلی و عاتیفی پێشکەش بە قوربانیانی تاوان دەکات. تەلەفۆن:

**0845 60 39 213** لە کاتی ئیداری

**0845 30 30 900** ئێواران و رۆژانی کۆتایی هەفتە

**www.victimsupportsco.org.uk**

VIA دەتوانێ رێگەت پەیوەندی کردن بە فەرمانگەکانی تریشت بۆ خۆش بکات.

## پەیوەندی بە VIA بکە

دەتوانیت بەم ژمارە تەلەفۆنەی لەسەر نامەی هاوپێچدا نووسراوە پەیوەندی بە نووسینگەی خۆجێ یی VIA بکەیت.

هەروەها دەتوانی پەیوەندی بە تیمی نیشتمانی VIA بکەیت:

بەتەلەفۆن بە ژمارەی

0844 561 3701 یان 0131 243 3027

بە فاکس 0844 561 4180

یان بە ئیمێلی vianationalteam@copfs.gsi.gov.uk_

**ئامۆژگاری و زانیاری بۆ قوربانی**

**بەشێکە لە نووسینگەی شاهانە و خزمەتگوزاری دادوەری گشتی**

**© مافی لەچاپدانەوەی شاهانە** 2008

PR Donnelley B55701 - 3 - 08